کۆمیسیۆن نوێترین ئاماری ژمارەی کاندیدانی راگەیاند



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق نوێترین ئاماری لەبارەی ژمارەی کاندیدەکان ئاشکرادەکات و دەڵێت، زیاتر لە حەوت هەزار و ٧٠٠ کاندید دەگرێتەوە.

ئەمە پێنجشەممە ٦ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، ژمارەی سەرجەم کاندیدان بە کۆبرکەی هەڵبژاردن برتییە لە حەوت هەزار و ٧٤٤ کاندید، هەروەها تاوەکو ئێستا ٨٤٨ کاندید لە کۆبکەی هەڵبژاردن دوورخراونەتەوە.

ئەمەش لەکاتێکدایە، بەیارە سەشەممەی داهاتوو ١١ـی تشرینی دووەم، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، تاوەکو ئێستاش کۆمیسیۆن بە هەکاری جیاواز سەدان کاندیدی لە کۆبکەی هەڵبژاردن دوورخستوونەتەوە.